## سەرکۆن پۆڵس:
# دەبێ شاعیر بە تەواوی بەدوای دەنگی خۆیدا بگەڕێت

**و: ب -بڕیار**


سەرکۆن پۆڵس

شاعیری عیراقی (سەرکۆن پۆڵس) یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی کە بۆ شیعر و پرنسیبەکانی شیعر بە شێوەیەکی جیا دڵسۆز دەکەوێتەوە، نیشانە جیاوازەکانی ئەو شاعیرە بە قەسیدەی پەخشانی عەرەبییەوە بەندە. سەرکۆن پۆڵس لە شاری (حەبانیە) ساڵی (١٩٤٤) لەدایکبووە، ژیانێکی پڕ لە کولەمەرگی ژیاوە، هەر لە منداڵییەوە بۆ شاری (کەرکوک) گوستوویانەتەوە، لەگەڵ (موئەید ئەلراوی، جان دەمۆ، فازل ئەلعەزاوی، سەلاح فائق) کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا کە بە (کۆمەڵەی کەرکوک) ناسراون و لە شیعردا نووسینێکی نوێیان هێناوەتە ناوەوە لە ڕێگەی دەقە سەرەتاییەکانی (سەرکۆن پۆلیس)ەوە چوونە نێو

ناوەندی عـیـراقی و عـەرەبییـەوە، هەروەها لە ڕێگەی هێـزی دەقـە جیـاواز و توانا بەرزەکـەی (سەرکۆن)و نووسینی قەسیدەی پەخشانئامێز و قەسیـدە خولگەییـەکانی (حــــەســــەب شـــێخ جەعفەر)ەوە تەقینەوەیەکی گەورەیان لەنێـو شیعـری عـــیــراقی و عــــەرەبی بەرپاکردووە.

سەرکۆن لە کەرکوکەوە بۆ پایتــەخت (بەغـــداد) و لەوێشەوەوە بۆ (دیمەشق) و پاشــان (بەیروت) سـەری خــــۆی هەڵگرتووە، هەتا گەیشتە (سان فرانسسکۆ) و لەوێ زەمـەنێـک جێگیر بووە، ئـەو کــــۆمـــــەڵە شیـعـرییـانەی خوارەوەی بڵاو کـردۆتەوە (الاول و التـالي، الوصـول الي مدينة اين، الحياة قرب الاكروبل، حامل فانوس في الليـل الذئاب، اذا كنت نائمـا في مـركب نوح) هەروەها کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناونیشانی (غرفة مهجورة)، سیرەی زاتی بە ناوی (شهود على الضفاف) بڵاوکردۆتەوە.

سەرکۆن دوای ئەو کۆچە درێژەی کە بە وڵاتانی ئەوروپا و ئـەمـــــریکادا کـــــردی، لە لـەندەن وێســـتگەیەکی تەنیــا و تاکـانەی بۆ خـــۆی پێکهێنا. لە ساڵی (١٩٩٨) لە پایتەختی ئوردن لە فیستیڤاڵی (جرش) کە سەرکۆن لە پایتەختی بەریتـانیا لە لەندەنەوە بۆ بەشداریکردن هاتبوو، چاوم پێـــیکەوتوو ئەو چاوپێکەوتنەم لە بارەی پرشنگ خـسـتنە سـەر قـەسـیـدەی پەخـشـان و ئەزمـوونی پێشـەنگایەتی و نامـۆییـەوە لەگـەڵ سازدا.



*** قەسیدەی پەخشان بە چێـژی بیـانی و شیـعـری بیــانیـیــەوە بەندە، لە کـەلەپوری عـەرەبییـەوە هەڵنەقـــوڵاوە، تۆ لە بـەر ئـەوەی یـەکـــێکی لـە نووســەرانی ئەو جـــۆرە شیعـرە ئەو پرسیـارە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- ئەوە تەنـها شاعیری بێ هێـــزە هانا بۆ دەقی وەرگـێـڕدراو دەبات، بەڵام دەبێ قۆناغگەلێک ببڕێت تا لە ڕێگەی ئەو هەناسـە قـوڵەوە هەست بە زمـانی عـەرەبی و دەسـتـەواژەی عـەرەبی بکات، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست تەعبیر لە پووکـانەوەکان بکات، ئەوە ئەسـڵێکی شـاراوەی نێـو شیـعـری عـەرەبیـەو دەبێ شـاعیـر بە تەواوی بەدوای دەنگی خۆیدا بگـەڕێت و ڕۆبچـێـتـە نێـو ناخی خۆی تاکو لەوێوە پەیوەندییەکی حەقیقی لە نێـوان قەسیـدەکانی و تەواوی شیـعری عـەرەبی دابمەزرێنێت. ئەوەش هاوکێشـەیەکی ئاسان نییـە، چونکە لە لایەک دەبێت بە دوای خـودی خـۆیدا بـگـەڕێت لـە لایـەکـی دیـکـە دەبـێـت بـە دوای زمانێکی ئایندەخوازی بچێت. هەموو شاعیرێک ڕێگەی خـــۆی هەیە، کــۆی ڕێگەکـــانیش بەرەو قــەســیــدەی جــیــدیان دەکــەنەوە، ئەگـەر وەک

رەخنەگرانی ئێستای قەسیدەی پەخشان نیازێکمان لە لێکدانەوانەکان نەبێت رەنگە نەتوانین بەو ئاسانییە پەخشان لێکبدەینەوە...

*** لێرەدا موفارەقەیەکی مێژووی هەیە، بە شێوەیەکی نامەعقول پێشەنگەکانی نووسینی قەسیدەی پەخشان پەردەپۆش دەکات، برایانمان لە میسر و لوبنان پێیانوایە سەرەتاکانی قەسیدەی پەخشان ساڵی ١٩٦١ لە گۆڤاری شیعرو لە (تۆفیق ئەلسایغ)ەوە بۆ (ئەدۆنیس) سەری هەڵداوە، ئێمە دەزانین تۆ و کۆمەڵەی کەرکوک (جان دەمۆ و جەلیل قەیسی وئەلئەب یوسف سەعید و ئەنوەر ئەلغەسانی و موئەید ئەلراوی) ئەوانیدیکە هەر لە ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٥ لە نووسینی قەسیدەی پەخشان بە دەست پێشخەر دەژمێردرێن، ئایا بەدواداچوونی تۆ بۆ ئەو مەسەلەیە چییە؟**

- من پێموایە مێژووی قەسیدەی پەخشانی عەرەبی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بووە، ئەکادیمییەکان نەیانتوانیووە هەوڵی وەدەست هێنانی پرنسیبێک بۆ ئەو قەسیدەیە بدەن، لە بەر هۆیەکی ساکار ئەویش ئەوەیە کە ئەوان بە شێوەیەکی لە رادە بەدەر کەوتبوونە ژێر بۆچوونی باو، ئەو بۆچوونەی کە لە کتێبی (قەسیدەی نەسر لە بۆدلێرەوە تا ئەمڕومان-ی سوزان برناد)ی فەرەنسی سەرچاوە دەگرێت. لێرە هەڵەیەک هەیە.. کتێبەکەی بەرناد.. بە حەقیقی لە بنەڕەتدا لە سەر قەسیدەی پەخشان نووسراوە، واتە ئەو قەسیدەیەی لە شێوەی وتاردایە و هیچ دابڕکردنێکی شیعرییانەی تێدا نییە، قەسیدەش نایەت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە شاعیر قەسیدەکەی دابڕ دابڕ یان بەیت بەیتی دەکات وەک لە قەسیدەی ئاساییدا هەیە.

ئەگەر ئەو کتێبە لە سەر ئەو شیعرانە بێت کە (بۆدلێر) نووسیوویەتی و بە قەسیدەی (نەسر) ناوی ناوە، یان لە سەر ئەو کورتە چیرۆکە بێت کە (بۆدلێر) لە شێوەی (ئادگار ئالان پۆ) کۆپی کردۆتەوە، بێ ئەوەی وەک شیعر پارچە پارچەی بکات، یان کێشی هەبێت، وەک چۆن لە قەسیدەی (شارێک لە دەریا)دا دەبینرێت. لە هەمان کاتدا (والت ویتمان) دارستانێکی شیعری لە شێوەی نەسر دەنووسێت بە ناوی (اوراق العشب)...کەواتە ئەسڵی قەسیدەی نەسر لە نموونە فەرەنسیەکەوە نییە. بەڵکو نموونە فەرەنسیەکە بۆخۆی لاساییکردنەوەی نموونەی ئەمریکییە، بە تایبەتی لاساییکردنەوەی (بۆدلێر) بۆ (ئادگار ئالان پۆ).

ئەگەر بێینە سەر قەسیدەی (پەخشان-نەسر)ی عەرەبی دەبینین (جبران و ئەلرێحانی) بە (ویتمان)ەوە کاریگەر بوون نەک هەر هێندە بەڵکو لاساییشیان دەکردەوە، دواتریش گۆڤاری (شیعر) هات، لەوێ (ماغوت و تۆفیق ئەلسایغ و ئونسی ئەلحاج) هەر سێکیان قەسیدەی نەسرییان دەنووسی. دیدی (مەحمەد ماغوت) دیدێکی رۆمانسیانە بوو، بەڵام بەراستی لە رووی زمانەوە ئەوەی ئەو دەینووسی ئەوە بوو کە پێی دەڵێن قەسیدەی نەسر، (ئونسی ئەلحاج)یش لە سەرەتادا رۆمانسی بوو، نووسینەکانی لە سەرەتادا بە پلەی یەکەم لە ژێر کاریگەری ئەدەبی فەرەنسیدا بوو بە تایبەتی قەسیدەکانی (هینری میشۆ). بەڵام (تۆفیق ئەلسایغ) لە نێو ئەو سێیانەدا ئەوەی ئەو کات لە ناوەڕاستی پەنجاکان دەینووسی ئەزموونێکی فرە رەهەندو غەریب بوو

تا کـۆتایی شـەسـتـەکـان، تۆفیق ئەلسـایغ نوێنەرایەتی نموونەی شاعیرێکی دەکرد کە پێش وەخت دەزانێت قەسیدەی نەسر چییە، هەروەها دەیزانی قەسیدەی نەسر بە راستی پێویستی بە زمـانێکی تایبـەت و چنینێکی فـەردییـانەو جیهانێکی غەریب هەیە...

*** مەبەستت لە جیهانی غەریب چییە؟**

– لێرە غەریب بە مانای سۆفیگەریی مەسیحی دێت، ئەوەی کە یەکەمجار (ئەلسایغ) هێنایە نێو شیعری عەرەبییەوە، بۆیە دەبایە بۆ (تەورات)و (ئینجیل)و (قورئان)و کتێبە ئایینییەکانی دیکە بگەڕێتەوە. ئەو بە شێوەیەکی تایبەتی ئاییندار بوو، وەک چۆن بە شێوەیەکی تایبەتی بێ ئیمان بوو، دیالکتیکی شیعری ئەو لەو نێوانەدایە، بەو مـانایەش ئەو یەکێک بوو لە دامەزرێنەرە گـەورەکـان، ئەوەش بەرەو لۆژیکی حـەقـیـقی قەسیدەی نەسرمان دەکاتەوە، بەڵام جیاوازی قەسیدەی نەسر پەیوەندی بە کێشی شیعرییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پێکهاتە نوێیەکەیدایە. ئەو پێکهـاتە نوێیـە بۆخۆی تازەگـەرییـە، ئەو شـاعـیـرەی کـە لێـدانی کـێـشی خـەلیلیـەتی هەڵدەبژارد بۆ گەڕان نەبوو یان تەنها لە بەر ئەوە نەبوو شارەزایی لە یاری کێشدا نییە، ئەو لێدانە ئاراستەی رەخنەگرە ئەکادیمییەکانیش دەکرێتەوە ئەوانەی بابەتی قەسیدەی نەسریان وەرگرتووە دەیانەوێت بە پێی توانای خۆیان لە خـانەیەکی تەسک زیندانی بکەن، واتە بە دژی شـیـعـری کێشداری دابنێن.

لە عـیـراق کـەسێک هەبوو لە خودی خۆیدا هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە قسەمان لێکردو کۆی جەنگە خودییـەکـانی لەگـەڵ مێژووی شـیـعـری عـەرەبی لەخۆدا هەڵگرتبـوو، سـەرەڕای ئەوەش هەڵگری کەسایەتییەکی توندو تیژو هێرشبەر و بوهەیمی و شۆڕشگێر بوو ئەو کەسە ناوی (حسێن مـەردان) بوو. نووسینەکـانی (حسێن مـەردان) تۆی قـەسـیـدەی نەسـری ئایندەخوازانەی لەخۆدا هەڵگرتبـوو، وەک حـاڵەتێکی فـەلسـەفی بە تەواوی لە بەرامبـەر ئەو سـەردەمـەمـان بۆ خـۆی تەوەرەیەک بوو، رەنگە شـاعـیـرانی دیکەش لە دنیـادا بەو شـۆڕشـەو بە جـەخـتکردن لە سـەر رووخـانی خـودی خـۆیان بەشـداریان کـردبێت، بەتایبـەتی لە شەستەکان، واتە وەک رەفتارێک شـۆڕشی دژ بە کـۆمـەڵگە لە نووسـیندا رەنگی دابۆوە وەک ئـەوەی نـووسین ئاوێنەیـەکی کـــوڕ بێت..

*** لێـرەدا بەراورد لە نێـوان حـسێن مـەردان و محەمەد ئەلماغوت دەکرێت؟**

– ئەگەر حسێن مەردان بە محەمەد ئەلماغوت بەراورد بکەین بە تەواوی دوو تەوەرەی جیـاواز دەبینین، ئەلماغـوت هەوڵدەدات وامـان لێـبکات پێبکەنین، ئەو خۆشە، بەڵام (حسێن مـەردان) وامان لێدەکات بەرەو قوڵایی ببینەوە، قـوڵایی ئەو لە کـۆتایـیـەکـەیدایە، ئێـمـە کـەلەپوری هاوبەشمـان هەیە لە دووتوێی ئەو رێسایەی کـە (حسێن مەردان) بونیادی ناوە و دەنگی دیکەی لێکەوتۆتەوە، دەنگی ئێمەی شەستەکان تەنها بە پێشکەشکردنی قـەسـیـدەیەک و پڕکـردنەوەی خوێنەر، وازی نەدەهێنا، بەڵکو دەیخـواست ئەو خوێنەرە بەر کارەساتەکانی واقیع بکەوێت، واتە قـەسـیـدەیەکی دەنووسی کـە هەڵگری نێـودژی و ناکـۆکـیـیـەکـان و شـێتی و ترس و ریسـوایی و رووخان بێت، ئەوە هێلکەی سیمرغ بوو تووڕەیی

لە عێراق هەڵێنا! بەڵام ئەوەی دیکە لە مێژوو بە شێوەیەکی خراپ نووسراوەتەوە، چونکە هەندێک کەس هەبوون دەستیان بە سەر پێشکەشکردنی ئەو مێژووەدا گرتبوو، ئەوان ئینتماو بیرکردنەوەیان تەسک بوو، ئامێرێکی نێرگزیی هەڵاوساو بوون، چونکە خرا بوونە ئەو شوێنەوە چاک نەدەبوونەوە.. یەکەمیان (سامی مەهدی)و دووەمیان (فازل ئەلعەزاوی) بوو، پێویستە لەو دووانە رزگار بین تاکو شاعیرانی دیکە بۆ نووسینەوەی ئەو ئەرکە مێژووییە بە شێوە راست و درووستەکەی دەرفەتیان لەبەر دەستدا هەبێت..

*** لە رێگەی وەڵامەکانتەوە مامۆستا (سەرکۆن) وا دیارە دەتانەوێت گۆڕانکارییەک لە چێژی عەرەبیدا بکەن ئەو چێژەی کە دەیان سەدەیە درووست بووە، ئایا ئێوە دەرفەت و ماوەی تەواوتان بۆ بانگەشەکردنی قەسیدەی نەسر لە بەر دەستدا نییە، یان ئەو قەسیدەیە ناتوانێت چێژی عەرەبی هاوچەرخ بگۆڕێت؟**

- من دەمەوێت بە دەنگێک لە قوڵایی ناخی عەرەبی بدەم کە خوێنەری شیعری عەرەبی هەرگیز پێی نەگەیشتبێت، لەگەڵ ئەوەش پێموایە ئەگەر لە هەمان کات واز لە دیدی باو بهێنین و سەیری شاعیرە گەورەکانی کەلەپوری عەرەبی (ئەمرولقەیس، عومەر ئەبو ربیعە، ئەبو تەمام، ئەلموتەنەبی، ئەبو نەواس، ئەلمەعەری، ئیبن ئەلرۆمی..) بکەین، دەبینین ئەوان بە مانا شیعرییەکە خوازیاری گۆڕان بوونە و هەر یەکە بە رێگەی تایبەتی خۆی دەیویست ئاگایی عەرەبی بگۆڕێت، راستە ئەو شیعرانەی ئەوان نووسیوویانە شیعری کێشدار بوونە، بەڵام ئەو شاعیرانەی کە بیرمان خستنەوە تەنها وەک رێسایەکی دیاریکراو هەر یەکە کێشێکی لابووە ئەو رێسایە بۆتە رێگەیەک بۆ تەعبیرکردن لە زەمانی دیاریکراو و ساتەوەختی دیاریکراوی مێژووی خۆیان، ئێمەش بۆ خۆمان زەمانی دیاریکراو و ساتەوەختی مێژوویی دیاریکراوی خۆمان هەیە، ئەگەر ئەو شاعیرانە بە گوێیەکی نوێ بخوێنینەوە دەبینین جەوهەری گرنگیدانیان شێوەیەکی نەسری لەخۆگرتووە، واتە فەلسەفەکەیان لە بنەڕەتدا پشت بە لۆژیکی نەسری دەبەستێت، ئەو لۆژیکەی کە لە شتەکاندا هەیە.

با (ئەلفرزدق) وەرگرین ئەو شاعیرە دێرینە دەڵێت:

( فكنت كفاقي و عينيه عمدا
فاصبح لا يضي و له النهار)

باشە ئەو گوتنە لەگەڵ هەر گوتنێکی دیکەی نەسری ئاسایی چ جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە، راستە ئەو شیعرە کێشدارە، بەڵام تکایە کێش فەرامۆش بکەن و وەرن وەک تەعبیرێکی رووت سەیری بکەن، کەواتە شاعیری نوێخواز بەو جیاوازییە ئامێرییانە هەڵناخەڵەتێت، ئێمە دەخوازین خوێنەری عەرەبی گوێیەکی مۆسیقی هەبێت و ئاخافتنی نوێ بە ئاگاییەوە قبول بکات و زۆر گرنگی بە کۆت و دەستکردە ئەندازەییەکان نەدات، ئێمە خوێنەرێکی نوێ و ئاگاییەکی دیکەمان دەوێت...

*** ئێمە لە بەر دەرگای سەدەی بیست و یەکین ئایا (سەرکۆن پۆڵس) چۆن سەیری داهاتووی شیعری عەرەبی و جیهانی دەکات؟**

- سەیری هەواڵەکانی تەلفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکان بکە، دەبینی ئاوارەو هەژارو

دەربەدەرەکان شاشەی تەلفزیۆنیان پڕ کردۆتەو دەنگیان ئەو سندوقەی کە پێی دەڵێن رادیۆ داگیر کردووە، هەروەها ئەو شتە بەدەی ناویان ناوە رۆژنامە، ئایا شاعیر چی بکات و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە مرۆییە بکات، مێژوو بە نیسبەت ئەوانە چییە، ئایا دەشێ هەموو ئەوانە ببینین و هەموو ئەو دەنگە تێکشکاوانە ببیسین و هیچ قسەیەکمان نەبێت، باشە چۆن وەڵامێکمان هەبێت، لێرەدا شاعیر هەیە چۆتە پاڵ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو و پاکانە بۆ ئەو حیزبە دەکات کە ئینتمای بۆ هەیە، شاعیرێکی دیکە مەسەلەیەکی سیاسی هەیەو لە رێگەی ئەو پەروەردەیەوە دەڕوانێتە ئەو دیمەنە مرۆییە ترسێنەرەوە، بەڵام لە لایەکی دیکە شاعیرێک هەیە کە نە ئینتمای بۆ حیزب هەیە و نە هیچ مەسەلەیەکی سیاسی هەیە، بەڵکو لە رێگەی ئینتما ئینسانییە رووتەکەیەوە رووبەرووی تەواوی ئەو چەرخە دەبێتەوە، ئەو شاعیرە تەنیایە دەتوانێت گەواهییەکی حەقیقی لە بارەی خۆی و لە بارەی سەردەم و داهاتووی دنیاو کارەساتەکانی بە ئێمە ببەخشێت، بێ هیچ زەمانەت و پەیمانێکی ساختەکارانە..

*** دوای سالانێک زۆری غەریبی دوور لە نیشتیمان (عیراق) لەو کۆمەڵە شیعرەی لە ساڵی (١٩٩٦) لە ژێر ناونیشانی ( حامل الفانوس فی لیل الذئاب ) بە چاپت گەیاند، مەیلێکی زۆرت بۆ شوێنی یەکەمت (حەبانیە) هەیە، وەک شوێنی لە دایکبوونی سەرکۆن پۆلیس، هەروەها کەرکوک و بەغدا و ناوچەکانی دیکە، ئایا هەست بەو سۆزە دەکەیت کە بە شوێنی یەکەمت دەبەستێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەو سۆزە پێداویستییەکەو وجودی هەیە، ئەو سۆزە بەرەو ئەو خاکە پاڵم پێوە دەنێت کە بەپێی خاوسی لەسەری دەرۆیشتم و لێی دوور کەوتمەوە. لە کۆتاییدا هەر ئەو شوێنانەن کە وەک پەناگەیەکی رۆحی و حەقیقی بۆت دەمێنێتەوە، ئەگەر ئەو شوێنانە نەبن لە کوێ حەقیقەتی رۆحی خۆت بەرجەستە دەکەیت، خودی تەواوی خۆت لە کوێ هەڵدەگریتەوە، جگە لەو شوێنانەی منداڵی نەبێت هەر لە باخچە و کۆڵان و بۆنەکان و کەسەکان و دارخورما تۆز لێنیشتووەکان و ئەو رووخسارە خەمئامێزو لە هەمان کاتدا شادی بەخشەی عیراقییەکان نەبێت خۆت لە چییدا دەبینیتەوە، بەڵێ ئەوە ئەسڵی منەو ئەوە رەگ و ریشەی منە، من لە هەموو شتێ زێتر و لە هەموو کاتێک پێویستم پێیەتی، دواجار شیعر ئەگەر کردەیەک نەبێت بۆ گەڕاندنەوەو ژیانەوەو دەست بە سەرداگرتنی ئەو زەمەنە، ئەی چییە؟

**سەرچاوە:**

جريدة الرأي الاردنية -عمان / ١٩٩٨